پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فێری تەشەهود (تەحیات)ی کردم هەروەکو چۆن فێری سورەتێکی قورئانی دەکردم

عبداللەی کوڕی مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فێری تەشەهود (تەحیات)ی کردم هەروەکو چۆن فێری سورەتێکی قورئانی دەکردم، وناو لەپم لە ناو لەپی ئەو بوو، و(تەحیاتەکە بەم شێوەیە بوو): «التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ، وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ»^. و لە گێڕانەوەیەکی تردا: «خوای گەورە بەخشەری سەلامەتی وئاسایشە -ئەلسەلام:السلام-ە، ئەگەر یەکێکتان دانیشت لەنوێژدا (بۆ خوێندنی تەشەهود) با بڵێت:«التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللهِ الصَّالِحِينَ»، ئەگەر ئەمە بڵێت سوودی هەیە بۆ هەموو بەندە چاکەکانی خوای گەورە لە ئاسمان وزەوی، (دوای ئەمە دەڵێت): «أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ»، پاشان دەتوانێت بەویستی خۆی هەر نزایەکی تر بڵێت». ^(واتە: هەموو ستایشێکی گەورە وبە مەزن دانان تەنها بۆ خوای گەورەیە، وهەموو نوێژکردنێک تەنها بۆ ئەو زاتەیە، وهەموو قسە وکردەوەیەکی باش وجوان وخێرکردنێک تەنها بۆ ئەو زاتە بە دڵسۆزی ئەنجام دەدرێت، سەلام وسڵاو لە سەر تۆ بێت ئەی پێغەمبەر لە گەڵ ڕەحمەت وبەرەکات وپیرۆزی خوای گەورە، وسەلام وسڵاو لە سەر ئێمە ولە سەر بەندە چاکەکانی خوای گەورە، شاهێدی دەدەم -دان دەنێم- بەوەی کە هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە اللە، وموحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پێغەمبەر ونێردراوی خودایە).

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەو تەشەهودەی -تەحیاتەی- فێری عبداللەی کوڕی مەسعود کرد -ڕەزای خوای لێبێت- کە لە نوێژدا دەووترێت، دەستەکانی عبداللەی کردە نێو دەستەکانی خۆی بۆئەوەی سەرنجی ئیبن مەسعود ڕابکێشێت. بەو شێوەیە فێری کرد هەروەکو چۆن سورەتێکی قورئانی فێر دەکرد، ئەمیش ئاماژەیە بۆ گرنگیدانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەم تەشەهودە لەڕوانگەی چۆنیەتی ووتن وماناکەی. فەرمووی: (التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ : هەموو ستایشێکی گەورە وبە مەزن دانان تەنها بۆ خوای گەورەیە): ئەمیش ئاماژەیە بۆ هەموو قسە وکردەوەیەك کە بەگەورەدانانی تێدا بێت، هەمووی تەنها شایستەیە بۆ خوای گەورە -عز وجل-. (وَالصَّلَوَاتُ : وهەموو نوێژکردنێک): ئەمیش هەموو نوێژێکی زانراو دەگرێتەوە ؛ نوێژە فەرز وسونەتەکان هەمووی بەتەنها بۆ پەروەردگار ئەنجامدەدرێت -سبحانه وتعالى-. (وَالطَّيِّبَاتُ : وهەموو قسە وکردەوەیەکی باش وجوان وخێرکردنێک تەنها بۆ ئەو زاتە بە دڵسۆزی ئەنجام دەدرێت): هەموو قسە وکردەوە وسیفەتێکی پاك وچاك دەگرێتەوە کە ئاماژەن بۆ کاملێتی، هەموویان تەنها شایستەن بۆ پەروەردگار -سبحانه وتعالى-. (السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ : سەلام وسڵاو لە سەر تۆ بێت ئەی پێغەمبەر لە گەڵ ڕەحمەت وبەرەکات وپیرۆزی خوای گەورە): نزاکردن بۆ سەلامەت بوون لە هەموو بەڵا وخراپە وناخۆشییەك، ونزاکردن بۆ زیادبوونی هەموو خێر وچاکەیەك. (السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ : وسەلام وسڵاو لە سەر ئێمە ولە سەر بەندە چاکەکانی خوای گەورە): نزا کردن بۆ سەلامەت بوونی نوێژخوێنان وهەموو بەندەیەکی چاك لە ئاسمانەکان وزەوی. (أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ : شاهێدی دەدەم -دان دەنێم- بەوەی کە هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە اللە): بەدڵنیایی وچەسپاوی جەخت دەکەمەوە لەسەر ئەم شاهێدی دانە. (وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ : وشاهێدی دەدەم کە موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پێغەمبەر ونێردراوی خودایە): دان دەنێم بەوەی بەندەی خودایە وکۆتا پەیامبەرە. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنمونێنی نوێژخوێنی کردووە بۆ ووتنی هەر نزایەك کە دەیەوێت بیڵێت.